https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2361.27

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# دەرهاویشتە نەرێنییەکانی کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ لە سەر پێگەیاندنی منداڵ: توێژینەوەیەکی مەیدانیی کۆمەڵناسییە لە شاری هەولێر

د. کارزان حسن عبدالرحمن

زانکۆی سۆران- بەشی کۆمەڵناسی

karzan.abdulrahman@soran.edu.iq

**پوختە:**

ئافرەتان ڕۆڵێکی گەورە و بەرچاویان لە پێشخستن و گەشەپێدانی کۆمەڵگادا هەیە؛ هەروەها لە سەرجەم کایەکانی ژیان هاوشانی پیاوانن لە مەیدانی خەبات و کارکردندا. سەرەڕای ڕۆڵی سەرەکیی ئافرەتان لە پێگەیاندن و پەروەردەی منداڵ لە ناو خێزان، لە هەمانکاتیشدا سەرقاڵی کار و ئەرکی تریشن لە دەرەوەی ماڵ لە پێناو بژێویی ژیان و گەشەپێدانی کۆمەڵگا.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، دیاریکردنی دەرهاویشتە نەرێنییەکانی کارکردنی ئافرەتانە لە دەرەوەی ماڵ لە سەر پێگەیاندنی منداڵ. بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە میتۆدی چۆنایەتی بەکارهاتووە، بۆ کۆکردنەوەی داتاکانیش چاوپێکەوتن ئەنجامدراوە لە جۆری ڕێکخراو، کۆمەڵگای توێژینەوەش شاری هەولێرە، جۆری نموونەش مەبەستدارە و بریتین لە (15) کەس لە شارەزایان و پسپۆڕانی ئافرەتی خێزاندار لە بوارەکانی (کۆمەڵایەتی، دەروونی، پەروەردەیی).

لەم توێژینەوەیەدا، دەرکەوتووە کە کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ کۆمەڵێک کاریگەریی نەرێنیی هەیە لەسەر پێگەیاندنی منداڵ:- لە بواری کۆمەڵایەتیدا، کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوە، کات و وزەی ئافرەتی دایکی کەمکردۆتەوە لە فێرکردنی منداڵ بە کۆمەڵێک بەها و خوڕەوشتی کۆمەڵایەتی و تێرکردنی پێداویستییەکانی منداڵ. لە بواری دەروونیش، دەرکەوتووە کارکردنی ئافرەتان دەبێتە هۆی شەکەتی و ماندووبوونی جەستەیی و فیکری، ئەمەش ڕەنگدانەوەی نەرێنیی هەیە، لەسەر دەروونددروستی و کەسایەتی و ڕەفتاری منداڵ. هەروەها لە بواری پەروەردەییشدا، بۆتە هۆی لاوازی لە بەجێهێنانی ئەرکە پەروەردەییەکانی

ئافرەت لەناو خێزان و دروستبوونی کەموکوڕی لە دەستکەوتی خوێندن و پرۆسەی فێربوون و فێرکردن.

**وشە کلیلییەکان:** کار، پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، ئافرەتی کارکەر.

## دەرهاویشتە نەرێنییەکانی کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ لە سەر پێگەیاندنی منداڵ: توێژینەوەیەکی مەیدانیی کۆمەڵناسییە لە شاری هەولێر

### پێشەکی

ئاشکرایە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە میانی سیاسەتی گشتی دەرفەتی کارکردنی بۆ ئافرەت ڕەخساندووە، بە گوێرەی یاسا و ڕێنماییەکان بۆ ئەوەی بەشداری کارا بکات؛ لە بەڕێوەبردنی وەزارەت و دامودەزگا حکومییەکان و دەوڵەمەندکردنی سامانی مرۆیی لە هەرێمی کوردستان. دامودەزگاکانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت ناوەندێکن بۆ بەهێزبوونی پێگەی کۆمەڵایەتیی ئافرەت و هەنگاونان بۆ سەربەخۆیی ئابووریی ئافرەت.

ئافرەتان ڕەگەزێکی سەرەکی و گرنگی بونیادنانی خێزانن، بە کۆمەڵێک ڕۆڵی سەرەکی هەڵدەستن هەر لە بەخێوکردنی منداڵ و پێشکەشکردنی چاودێریی جەستەیی و دەروونی بۆ منداڵ، ئەم پرۆسەیەش بەردەوام دەبێت بەپێی جیاوازیی تەمەنەکانی تاک، بەم پرۆسەیەش دەگوترێت پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، ئەم ئەرکەی ئافرەتان سەلمێندراوە بە درێژایی مێژوو و کلتوورە جیاوازەکان کە ئافرەتان سەرقاڵی کاری تریش بوونە سەرەڕای ئەرکی پەروەردەکردن و چاودێریکردنی منداڵان (یوسف،2003: 20).

دامەزراندنی ئافرەتان دەرفەتێکە بۆ ئەوەی ئافرەتان بازبدەن لە ڕۆڵی تەقلیدی بۆ ئەوەی لە بوارێکی تر ڕۆڵبگێرن بە مەبەستی گەشەسەندنی توانای مرۆیی و ئابووریی وڵات. ئافرەتان توانیویانە و سەلماندوویانە کە دەتوانن ئەم پێگە ئیدارییانە وەربگرن، کە بە دەگمەن بۆ ئافرەتان بە ڕەوا دەبینرا. دامودەزگا حکومییەکان ناوەندێکن لە کۆمەڵگای کوردستان بۆ ئەوەی ئافرەتان بەشداری کارا بکەن لە خزمەتکردنی وڵات و وەرگرتنی پلە و پایەکانی بەڕێوەبردنی حکومەت ( عەلائەددین، 2013: 13).

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە دەستنیشان و ڕاڤەی ئەو دەرهاویشتە نەرێنییە کۆمەڵایەتی و دەروونی و پەروەردەییانە بکەین، کە لە دەرئەنجامی سەرقاڵبوون و کارکردنی ئافرەتانی خێزاندار لە دەرەوەی ماڵ لەسەر پێگەیاندنی منداڵ دروستدەبن. جێگەی ئاماژەیە ئەم توێژینەوەیە سەرەڕای پێشەکی لە چەند تەوەرێکی سەرەکی پێکهاتووە و بریتین لە:-

**تەوەرەکانی توێژینەوەکە:-**

## تەوەری یەکەم: چوارچێوەی گشتیی توێژینەوە

### 1- گرفتی توێژینەوە

دیاریکردنی گرفتی توێژینەوە بە هەنگاوی یەکەم و خاڵی دەسپێک دادەندرێت، لە هەر توێژینەوەیەکی زانستیدا، دواجار بەچەند پرسیارێکی سەرەکی گوزارشتی لێدەکرێت. کاری ئافرەت لە دەرەوە بۆتە بەشێکی گرنگ لە ژیانی زۆرێک لە خێزانەکان، شانبەشانی پیاو بەشداربووە لە بوژانەوەی ئابووری بۆ خێزانەکانیان. لێرەدا دەتوانین بڵێین لەگەڵ کرانەوەی کۆمەڵگای کوردی بەرەو ڕووی جیهان و ئاشنابوون بە پێشکەوتن و سەرهەڵدانی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کلتووری و

ئابوورییانە، وای کردووە ئافرەتان ڕۆڵی زیاتر بگێڕن و دەرفەتی کارکردنیان بۆ زیاتر بێت لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت؛ واتە ئافرەتان بوونەتە ڕەگەزێکی چالاک لە زۆربەی سێکتەرەکانی ژیان. بەڵام لەگەڵ ئەو کارکردنە و چوونەدەرەوەی ئافرەتی خێزاندار، کۆمەڵێک لێکەوتە و دەرهاویشتەی ئەرێنی و نەرێنیی هەیە لەسەر خێزان و کۆمەڵگا بە گشتی، بە تایبەت لەسەر ئەو ڕۆڵە سەرەکییەی کە ئافرەتان دەیگێڕن لە پێگەیاندنی منداڵ.

کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ، ئاسەوارەکانی ڕاستەوخۆ ڕەنگدەداتەوە لەسەر منداڵەکان، ئەمەش بەهۆی سەرقاڵبوونیەتی بۆ چەند کاتژمێرێک لەدەرەوەی ماڵ، یاخود کاتێک کە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ ئەوا ماندووە و دەبێت و کارێکی نوێ لەناو ماڵ دەستپێبکات. واتە دەرچوونی دایکان بۆ دەرەوە هەر تەنها کاریگەریی لەسەر خودی خۆی نییە، بەڵکو کاریگەریی لەسەر تەواوی ئەندامانی خێزان بە تایبەت منداڵەکان هەیە (یوسف، 2003: 21).

گرفتی توێژینەوەکەمان گەڕانە بەدوای وەڵامی پرسیارێکی سەرەکی، کە بریتییە لەوەی تاچەند کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ، لێکەوتە و دەرهاویشتەی نەرێنیی لەسەر پێگەیاندنی منداڵ هەیە؟

## 2- گرنگیی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە تیشکدەخاتە سەر بابەتێکی زیندوو لە کوردستاندا، کە بریتییە لە دەرخستنی دەرهاویشتە نەرێنییەکانی سەرقاڵبوون و کارکردنی ئافرەتانی خێزاندارە لە دەرەوەی ماڵ لەسەر پێگەیاندنی منداڵ، هەروەها هەوڵدانە بۆ دەرخستنی دەرهاویشتە نەرێنییە کۆمەڵایەتی و دەروونی و پەروەردەییەکانی ئەم دیاردەیە لەسەر توێژێکی هەرە گرنگی کۆمەڵگا کە منداڵانن، بە پشتبەستن بە ڕێکارە میتۆدییەکان، هەروەها

خستنەڕووی ڕاسپاردە و تێڕوانینی گونجاو, کە بە دەستهاتوون لەسەر بنەمای ئەنجامەکان لەمەڕ واقعی بابەتەکە بۆ چارەسەرکردنی ئاسەوارە نەرینییەکان بە ئامانجی سوودوەرگرتن و جێبەجێکردنیان لە واقعدا.

## 3-پرسیاری توێژینەوە

دەرچوونی ئافرەتی خێزاندار بۆ کار لە دەرەوەی ماڵ لە کۆمەڵگای کوردی، تا چەند دەرهاوێشتەی نەرێنی لەسەر پێگەیاندنی منداڵ لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، دەروونی، پەروەردەییدا هەیە؟. یان بە شێوەیەکی تر چوونەدەرەوەی ئافرەتی خێزاندار بۆ کار وەک فەرمانبەر یان گرێبەست، تا چەند کاریگەریی نەرێنی دەخاتە سەر پێگەیاندنی منداڵەکانیان؟

## 4- ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی توێژینەوەی زانستی دەستنیشانکردنی ڕاستییەکانە، دەربارەی وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە لە هزری توێژەر گەڵاڵە دەبن لەبارەی بابەتی توێژینەوەکەی، ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لە:- زانین و دەستنیشانکردنی دەرهاوێشتە نەرێنییەکانی کارکردنی ئافرەتانی خێزاندارە لە دەرەوەی ماڵ لەسەر پێگەیاندنی منداڵ، لە بوارەکانی (کۆمەڵایەتی، دەروونی، پەروەردەیی).

## 5- چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوە

### یەکەم:- کار (Work)

لە فەرهەنگی ئینگلیزی (The American Heritage Dictionary) چەمکی کار بە چەند مانایەک هاتووە:-.( Editors of the American Heritage Dictionaries, 1994: 8154)

1. پیشەیەک یان چالاکییەک.

2. توانا و چالاکیی جەستەیی، یان عەقلی ئاراستەکراو بەرەو بەرهەمهێنان، یان بەدەستهێنانی شتێکی دیاریکراو.

3. هەر شتێک کە ئەنجامی بدەی، یاخود دروستیبکەی، وەکو ئەرکێک یان پیشەیەک.

لەلایەکی ترەوە، کار پێناسەکراوە بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیی گشتی، دیاردەیەکی فرەڕەهەندە: وەکو ڕەهەندی بایۆلۆجی کە گوزارشتە لەو وزە جەستەییەی کە تاک بەکاریدێنێت لە کاتی کاردکردنیدا، هەروەها ڕەهەندە دەروونییەکەش پەیوەستە بە کەسایەتیی کەسی کارکەر و ئەو هەڵچوونە جۆراوجۆرانەی، کە کارلێکدەکات لەگەڵ کار و ژینگەی کارەکەیدا، بەڵام ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکە گوزارشتە لەو تۆڕە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی، کە هەیە لە نێوان ئەو تاکانەی کە لە ناو بوارەکانی کاردان (التایب،2011: 15).

دەتوانیین بڵێین کار بریتییە لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی باو، گوزارشتە لە سەرقاڵبوونی تاک بە پیشەیەک، یان چالاکییەک لە کەرتی گشتی یان کەرتی تایبەت لە بەرانبەر پاداشتێکی ماددی یان مەعنەوی.

**دووەم:- ئافرەتی کارکەر ( Women Workers)**

ئافرەتی کارکەر:- ئەو ئافرەتانەن کە لە دەرەوەی ماڵ کاردەکەن، لە بەرانبەر کارەکانیشیاندا کرێی خۆیان وەردەگرن، هەروەها بە دوو ڕۆڵی سەرەکی هەڵدەستن لە ژیانیاندا یەکیان وەکو پەروەردەکار. دووەمیان وەکو فەرمانبەر ( عبدالفتاح، 110:1972).

ئافرەتی کارکەر:- ئەو ئافرەتانەن کە لە کەرتە جیاوازەکان کاردەکەن، چ بەرهەمهێنان بێت یان خزمەتگوزاری، لە بەرانبەر ئەو کارەدا بڕێک پارە وەردەگرن، هەڵدەستن بە ڕۆڵی فەرمانبەر یاخود کارکەرێک سەرەڕای ڕۆڵی وەکو هاوسەر و دایک لە ماڵەوە، سروشتی کارەکەشی وا دەخوازێت بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک دووربێت لە ماڵەوە (البني و الحوراني،2019: 652-653).

دەتوانین بڵێین ئافرەتانی کارکەر ئەو ئافرەتانەن کە جگە لە کاری ناو ماڵ، سەرقاڵن بە کاری تریشەوە لە دەرەوەی ماڵ، لە کەرتی گشتی یاخود کەرتی تایبەت بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک لە بەرانبەر کرێیەکی مانگانە یان ڕۆژانە.

## سێیەم:- پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (Socialization)

پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پڕۆسەی گواستنەوەی کلتوورە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، یاخود ڕێگای دروستکردنی تاکە هەر لە قۆناغی منداڵییەوە بۆ ئەوەی بتوانێت ژیان بکات لە کۆمەڵگایەک کە خاوەنی کلتوورێکی دیاریکراوە (بدوی، 1982: 400).

پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پڕۆسەیەکی فێربوونە بۆ ئەوەی تاک ببێتە ئەندام لە کۆمەڵگاکەی، هەروەها بەهۆیەوە ببێتە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، ئەمەش ئەزموونێکی بەردەوامە و پڕۆسەکە بەرەو تەواوکاری دەچێت لە ڕێگای کارلێککردنی تاک لەگەڵ ئەوانی تر و بەشداریکردنیان لە چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی ژیانی ڕۆژانە (سکوت، 2009: 132).

لێرەدا جیاوازی لە نێوان پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی سەرەکی و لاوەکی هەیە ( الأساسية و الثانوية)، پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی سەرەکی پەیوەستە

به سالآنی سەرەتای کەسایەتیی منداڵ واتە پڕۆسەیەکە بەهۆیەوە منداڵ مەعریفە و بەهەرەکانی کەڵەکە دەبێت و بەدەستیاندێنێت بۆ ئەوەی ببێتە ئەندام لە کۆمەڵگاکەی، بەڵام پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی لاوەکی پەیوەستە بە ئەزموونی ژیان و ئەزموونی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کە پڕۆسەیەکی ئاڵۆز و بەردەوامە (سکوت، 2009: 132-133 ).

دەتوانین بڵێین پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بریتییە لە پڕۆسەی گۆڕینی تاک لە بوونەوەرێکی بایۆلۆجییەوە بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، واتە پڕۆسەی چاندنی بەها و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و ئاکارییە لە ناخی منداڵدا.

**تەوەرەی دووەم : لێکەوتە نەرێنییەکانی کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ، لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو**

**یەکەم:-** توێژەر (مليكه الحاج يوسف) لە توێژینەوە مەیدانییەکەیدا کە بە ناونیشانی (کاریگەریی کارکردنی دایکە لەسەر پەروەردەی منداڵ) گەیشتۆتە چەند ئەنجامێک کە بریتین لە:- (يوسف،2003 :182-183).

کارکردنی دایکان کاریگەری لەسەر پەروەردەی منداڵ هەیە، پلەی کاریگەرییەکەش دەگۆڕێت بەپێی ئەو کاتژمێرانەی کە دایک کاردەکات لە دەرەوە.

دایکانی ئافرەت بەهۆی کارکردنیانەوە ناتوانن وەکو پێویست گرنگی بە منداڵەکانیان بدەن؛ ئەمەش بەهۆی دوورکەوتنەوەیان لە منداڵەکانیان و سەرقاڵبوونیان بە کارەکانی ماڵەوە، ئەمەش هیلاکی و شەکەتی بەدوای خۆیدا دێنێت و تێرکردنی پێداویستییەکان و گرنگیپێدانی بۆ منداڵەکانی کەمدەکاتەوە.

زۆریی کاتی کارکردنی دایک لە دەرەوەی ماڵ کاریگەریی نەرێنی دەخاتە سەر منداڵەکانی، لەو کاتانەی کە لە چاودێریکردن و گرنگیپێدانی بە منداڵەکانی کەمدەبێتەوە، بەهۆی ئەوەی زۆرجار ناتوانێت گونجان و هاوسەنگییەک لە نێوان کاری دەرەوە و ماڵەوە دروستبکات، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر گەشەی زمانی و گەشەی کۆمەڵایەتیی منداڵ دەبێت.

**دووەم:-** توێژینەوەی توێژەر (كاملة بكاكرة) لەبارەی (کارکردنی ئافرەتان و پەیوەندی بە دەستکەوتی خوێندن لای منداڵەکان) گەیشتۆتە چەند ئەنجامێک:- ( بكاكرة، 2014 : 96-97).

لە (70%) تاکەکانی توێژینەوە باوەڕیان وایە، کارکردنی ئافرەتان هۆکارێکە بۆ دروسبوونی کەموکوڕی لە پڕۆسەی فێرکردنی منداڵەکانیان.

ماوەی کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوە، کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئاستی دەستکەوتی خوێندن لەلای قوتابییانی قۆناغی بنەڕەتی هەیە، لە ڕووی دەروونییەوە وا لە قوتابی دەکات کە هەست بە کەمی و بێبەشبوون و لاوازیی کەسایەتی بکات.

کارکردنی ئافرەتان کاریگەریی لەسەر دەروون و جەستەی خودی ئافرەتانی کارکەر هەیە، ئەمەش بەهۆی خەرجکردنی وزە و توانایەکی زۆر لە ناوەوە و دەرەوەی ماڵ، لە پێناو تێرکردنی پێداویستییەکانی منداڵ و هاوسەر و کارەکانیان، ئەمەش کاریگەریی لە بەخشینی سۆز و خۆشەویستی بۆ منداڵەکانی هەیە، بۆیە ئەو کاتانەی کە ئافرەت تەرخانیدەکات بۆ کارکردن لە دەرەوە کاریگەریی نەرێنیی لەسەر دەستکەوتی خوێندن لای منداڵەکانی هەیە.

**سێیەم:-**توێژەر (عاجب بومدين) لە توێژینەوەکەیدا لە بارەی (کاریگەرییە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکانی کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی

ماڵ) گەیشتۆتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:- (بومدین، 2017 : 207-208 ).

کارکردنی ئافرەتان لەدەرەوە کاریگەری لەسەر باری تەندروستی و دەروونی ئافرەتەکان هەیە، ئەمەش دەرئەنجامی ئەو ململانێیەی کە بەهۆیەوە دەناڵێنێت، بەهۆی خۆگونجاندنی لەنێوان ڕۆڵی دایک لە ماڵەوە و ڕۆڵی کارکەر لە دەرەوە و هەڵبژاردنی یەکێکیان.

ئافرەتی کارکەر لە دەرەوە دووچاری خەمۆکی و هەست بە گوناحبار دەکات، ئەمەش بەرهەمهاتووە لە بیرکردنەوەی بۆ سەرکەوتنی لە کارەکەی لە دەرەوە بە باشی و لەلایەکی ترەوە بیرکردنەوەی بۆ چاودێریی خێزان و کاروباری ماڵ و منداڵەکانی، ئەم هەستەش زیاتر دەبێت کاتێک منداڵەکانی لە دایەنگە و ماڵە خزم و دراوسێکانی دادەنێت لەو کاتەی کە لە دەرەوە کاردەکات، ئەمەش کاریگەریی لەسەر پێگەیاندنی منداڵەکانی هەیە.

## تەوەرەی سێیەم: چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە

لەم تەوەرەیەدا ئاماژە بە هەندێک لەو تیۆرانە دەکەین، کە خزمەت بە بابەتی توێژنەوەکەمان دەکەن و ڕۆلێکی گەورەیان هەیە لە ڕاڤەکردنی بابەت و رەهەندە سەرەکییەکانی بابەتی توێژینەوەکە.

### یەکەم:- تیۆری وەزیفەگەرایی (فەرمانگەرایی)(functional theory)

ئەم تیۆرە لە سەرەتاکانی سەدەی بیست دەرکەوت و زیاتر گرێدراوە بە زانایانی وەکو (ئەمیل دۆرکایم، تالکوت پارسونز، سبنسر، رۆبرت میرتۆن) کە کۆنترۆڵی تیۆرە کۆمەڵایەتییە ئەمریکییەکانیان کردبوو لە پەنجاکان و شەستەکان (Diago,2019:20).

ئەم تیۆرە وای دەبینێت کە تاکەکان لەناو یەک کۆمەڵگادا بە وەزیفەی جۆراوجۆر هەڵدەستن، واتە هەر تاکێک هەڵدەستێت بە وەزیفەیەکی زۆر گرنگ لەناو سیستەمی کۆمەڵایەتی، ئەمەش لە پێناوی خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی لە کۆمەڵگا (بومدین،2017: 138).

وەزیفەی ڕەها (الوظیفة المطلقة):- مالینۆفسکی نوێنەرایەتی دەکات و باوەڕیان وایە هەر دەزگایەک هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی وەزیفەیەکی گرنگ بۆ کۆمەڵگا، بەڵام هیچ یەکێک لە تاکاکان ناتوانن بە ئەنجامدانی وەزیفەیەکی تر لە دەرەوەی وەزیفە سەرەکییەکەی خۆی هەڵسن. بۆ نموونە وەزیفەی سەرەکی و تایبەتی ئافرەتان لەناو سیستەمی خێزانی بریتییە لە پەروەردەکردنی منداڵ و چاودێریکردن و هاوکاریکردنی هاوسەر و منداڵەکان، لەبەر ئەوەی ئافرەتان زیاتر چالاکترن لە باوکان لە سەرپەرشتیکردنی ئەرکەکانی منداڵەکانیان (حسانین، 1994: 113).

کەواتە دەتوانین بڵێین بەهۆی ئەو ڕۆڵە گەورەیەی ئافرەتان لە پێگەیاندن و پەروەردەی منداڵەکان هەیانە، کەسی تر ناتوانێت قەرەبووی یاخود ببێتە جێگرەوەی ئافرەتان لەو بوارە، بۆیە هەر فەرامۆشکردنێک و سەرقاڵبوونێکی ئافرەتان ئاسەواری نەرێنیی لەسەر خێزان و منداڵان دەبێت.

**دووەم: تیۆری بونیادی فەرمانگەرایی (النظریة البنائیة الوظیفیة) (structural functionalism).**

پارسونز لە پێشەنگەکانی قوتابخانەی (بونیادی وەزیفییە) باوەڕی وایە کۆمەڵگا وەکو سیستەمێکی گەورەیە، بۆ ئەوەی بمێنێتەوە و بەردەوام بێت پێویستی بە چەند داواکاری و پێداویستیی وەزیفی هەیە . (Abraham, 1988: 54-69)

بەپێی بیروڕای پارسونز، سیستەمی کۆمەڵایەتی بریتییە لە سیستەمێک کە گوزارشتە لە پرۆسەی کارلێککردنی نێوان بکەرەکان، یاخود بونیادی ئەو پەیوەندییانەیە کە لە نێوان بکەرەکاندا هەیە، کە لە پرۆسەی کارلێککردندان، ئەمەش لە بنەمادا بونیادی سیستەمی کۆمەڵایەتییە (Parsons,1951:25).

پارسونز هەوڵدەدات گرنگیی کارکردنی هەردوو ڕەگەز ڕاڤەبکات، بە شێوەیەک پیاو تایبەتە بە کارکردن و بەرهەمهێنان و ئەنجامدانی هەموو چالاکییە ئابوورییەکان و کۆمەڵایەتییەکان و سیاسییەکان، بەڵام ڕۆڵی ئافرەت کورتدەکاتەوە لە ئەرکە خێزانییەکان بۆ هێنانەدیی جۆرێک لە هاوسەنگی لەناو سیستەمی کۆمەڵایەتی وەکو گشتێک، تێڕوانینی وەزیفی لەسەر ئەو گریمانەیە وەستاوە کە ڕۆڵی ئافرەتان لە چوارچێوەی خێزانە بەهۆی ئەوەی هاوسەر و پەروەردەکارە (حقيقي و آخرون، 2001: 67).

کەواتە دەتوانین بڵێین تێڕوانینی ئەم تیۆرە لەسەر بنەمای جێگیری و هاوسەنگییە لەناو سیستەمی کۆمەڵایەتی، بەو مانایەی ئەرکی ئافرەتان قورسە وەکو پەروەردکار و چاودێریکەری منداڵ و ڕاگرتنی هاوسەنگیی خێزانی، بەڵام گەر ئافرەت ڕۆڵ و ئەرکی تری هەبێت لە دەرەوەی ماڵ، کاریگەریی لەسەر جێبەجێکردنی ئەرکە خێزانییەکانی دەبێت.

### سێیەم: تیۆری ڕۆڵی کۆمەڵایەتی (Social Role theory)

پێگەی کۆمەڵایەتیی تاکەکان پەیوەستە بەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەی کە تاکەکان دەیگێڕن و ئەو پێگەیەی پێوەرگرتووە، بۆ نموونە مامۆستا پێگەیەکی کۆمەڵایەتییە و ڕۆڵێکی دیاریکراوی لە پەیوەندی بە قوتابییانەوە هەیە، یاخود دایک ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی بەرانبەر منداڵ و هاوسەرەکەی هەیە (الغزوي و اخرون، 1992: 193).

ئەم تیۆرە وای دەبینێت، کە منداڵ پێگەی بەدەستدەهێنێت و لە ڕێگای پرۆسەی کارلێککردنی کۆمەڵایەتی و فێردەبێت بەهۆی ئەمانەی خوارەوە:- (جعنيني، 2009 : 247)

فێربوونی ڕاستەوخۆ لە ڕێگای تێبینیکردنەوە، هەروەها منداڵ بنەما سەرەکییەکانی ژیان فێردەبێت بۆ نموونە جلوبەرگی تایبەتی خۆی دەپۆشێت و جلوبەرگی تر ناپۆشێت.

هەڵوێستەکانی ژیان کە منداڵ ڕووبەڕووی دەبێتەوە و لێوە فێری ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان دبێت، کاتێک ڕەفتارێکی نەشیاو دەکات ڕووبەڕووی سەرکۆنە دەبێتەوە، هەروەها کاتێک ڕەفتارێکی باش و گونجاو دەکات ئەوا پاداشت و پاڵپشتی دەکرێت، ئەم کارانەش دەبێتە پاڵنەرێک بۆ ئەوەی هەمواری ڕەفتارەکانی بکات.

پێکهاتەکانی ئەم تیۆرە بریتییە لەوەی کە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ تاکەکان و بارودۆخە جۆراوجۆرەکان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ڕوونادات، بەڵکو بەپێی شێوازەکانی ڕەفتارە، ئافرەتان ڕۆڵدەبینن بەپێی داواکارییەکان، ڕۆڵیان وەکو دایک یان هاوسەر یان کرێکار ئەو ئەرکانە جێبەجێدەکەن، کە ڕۆڵەکە داوای دەکات، کاتێک یەکانگیری و تەواوکاری هەبوو لە ڕۆڵە جۆراوجۆرەکانی تاکەکانی خێزان، ئەوا ئەو خێزانە بە جێگیری دەمێنێتەوە و گەشەدەکات و دەتوانێت بە باشی ئەرکەکانی جێبەجێبکات، بەڵام ئەگەر تەواوکاری و گونجان نەبوو لە ڕۆڵی تاکەکان یاخود دژیەکی یان کەموکوڕی و ناڕوونی لە دابەشکردنی ڕۆڵەکان هەبوو، ئەوا دەبێتە هۆی ناهاوسەنگی لە سیستەمی کۆمەڵایەتی، بۆی هەیە ببێتە هۆی ناجێگیری خێزانی و ئافرەت نەتوانێت بەتەواوی مافی هەموو ڕۆڵە جیاوازەکانی بدات، لە دەرەوە و ماڵەوە لە بەڕێوەبردنی ماڵ و چاودێریکردن و پێگەیاندنی منداڵەکانی (عثمان،2003: 313-318).

بێگومان ئافرەتان خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتیی بەرزن و گونجاوە لەگەڵ ئەو ڕۆڵە گەورەیەی کە دەیگێڕن لە پێگەیاندن و پەروەردەی منداڵەکانیان، سەرەڕای ئەو ڕۆڵانەی لە دەرەوەی ماڵیش لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا هەیانە، بەڵام بەهۆی بنەماکانی ئەم تیۆرە گەر شیکاری بکەین منداڵ لە ڕێگەی پڕۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە فێردەبێت و بنەما کۆمەڵایەتی و کەسایەتییەکی لەناو خێزان وەکو یەکەیەکی کۆمەڵایەتیی گرنگ دروستدەبێت، لەناو خێزانیش ئافرەتان و دایکان پشکی شێریان بەردەکەوێت لەم پڕۆسەیە، بۆیە سەرقاڵبوون و کەمکبوونەوەی کاتەکانی ئافرەتان لە ماڵ و دوورکەوتنەوەیان لە مندالەکانیان ئاسەواری نەرێنی دروستدەکات و هیچ کەس و دەزگایەک نابێتە جێگرەوەی دایک لە پێگەیاندن و پەروەردەی منداڵان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونی و پەروەردەییەوە.

## چوارەم: تیۆرەکانی ململانێی نێوان ڕۆڵەکان

تیۆری بواری یاخود مەیدانی یەکەم (نظرية المجال الاولى)

زۆربەی توێژینەوەکان پشتیان بە تیۆری مەیدانی یاخود بواری یەکەم بەستبوو، لە لێکدانەوەیان بۆ پەیوەندیی نێوان کار و خێزان، هەروەها زانا پلێک (Pleck) یەکەم کەس بوو کە ئەم تیۆرەی بۆ لێکدانەوەی پەیوەندیی نێوان کار و خێزاندا بەکارهێنا، هەروەها گرنگیدا بە کاریگەرییە نەرێنییەکان کە لە نێوانیاندا هەیە، کە دەبێتە هۆی زیادکردنی سنووردانان لەسەر تاکەکەس و بەرەو ململانێی دەبات (مدفونی، 2019: 53).

چوونە دەرەوەی ئافرەتان بۆ سەر کار ململانێیەکی بەردەوامی بۆ دروستدەکات سەبارەت بە چۆنیەتیی گونجاندن و هێنانەدیی هاوسەنگی لە نێوان کاری ناوماڵ و کاری دەرەوە، هەروەها گونجاندن و سەرکەوتنی

له نێوان کاری چاودێریی منداڵ و ناوماڵ و پڕۆسەی بەرهەمهێنان کە لە ڕێگەی کارەکەیەوە پراکتیزەی دەکات واتە کارە پیشەییەکانی، بۆیە زۆرێک لە دایکان پەنا بۆ وەستاندنی کارەکانیان دەبەن وەک قوربانیدانێک لە پێناو منداڵەکانیاندا، ئەمەش بەهۆی نەتوانینیان لە ئەنجامدانی ئەرکە بنەڕەتییەکانیان و پەروەردەکردن و پێگەیاندنی منداڵەکانیان، لە ئەنجامی ئەو ماندوێتی و شەکەتییە جەستەیی و دەروونییەی کە دووچاری دەبێت، بەهۆی پێکدادان و دژییەکی لە نێوان  ئەو دوو ڕۆڵەی کە پێکەوە دەیگێڕێت. لە لایەکی ترەوە، دووچاری ململانێیەکی زۆر دەبێت لە نێوان وەڵامدانەوەی پاڵنەرەکانی ئارەزووی بۆ سەرکەوتن و بەدەستهێنانی پێگەیەکی باشتر و بەناوبانگی لەناو چینی بەرهەمهێنەران و ئافرەتان لە شوێنی کارەکەی و لەگەڵ سەرکەوتنی لە کاروباری ناوماڵدا (الحسن، 202:2005).

دەتوانین لەژێر ڕۆشنایی ئەم تیۆرە، کە سەرەکیترین و گونجاوترین تیۆرە بۆ شرۆڤەکردنی بابەتی توێژینەوەکە، بگەینە ئەو ڕاستییەی کەوا کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ، دووچاری جۆرێک لە ململانێ دەکاتەوە لەنێوان ئەو ڕۆڵە سەرەکییانەی هەیەتی وەک ئافرەت لە دەرەوە و ناو ماڵ، ئەمەش ئاسەواری دەروونی و جەستەیی دروستدەکات لەسەر خودی ئافرەت و لێکەوتەی نەرێنیی دەبێت لەسەر پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵەکانیان.

### تەوەرەی چوارەم: میتۆدی توێژینەوە ( Research Method).

میتۆد شێوازێکە بۆ بیرکردنەوە و کارکردن کە توێژەر بۆ ڕێکخستنی بیروڕاکانی و خستنەڕوویان پشتی پێ دەبەستێت، هەروەها بۆ گەیشتن بە دەرئەنجام و ڕاستی دەربارەی بابەتی توێژینەوەکە (علیان و غنیم، : 2004 33).

لەم توێژینەوەیەدا، میتۆدی چۆنایەتی ( Qualitative Method) بەکارهاتووە، ئەم میتۆدەش یەکێکە لە ڕێبازە سەرەکییەکان لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان. توێژینەوەی چۆنایەتی ئەو توێژینەوانەن کە ئاماجی سەرەکییان بریتییە لە وەسفکردنی بارودۆخێک، دیاردەیەک، گرفتێک یاخود ڕووداوێک، کە تیایدا زانیارییەکان کۆدەکرێنەوە لە ڕێگای بەکارهێنانی گۆڕاوەکان یاخود پێوانەکردنی ئەو گۆڕاوانە بە پێوەرەکانی پێوانی چۆنایەتی، هەروەها زانیارییەکان ناگۆڕێن بۆ ژمارەکان لەکاتی شیکردنەوە بۆ دیاریکردنی جیاوازی لە هەڵوێستێک یاخود گرفتێک (صوان، 2017: 41).

تایبەتمەندییەکانی ئەم میتۆدە بریتییە لەوەی کە هاوکاریی توێژەر بۆ گەیشتن بە زانیاریی قووڵ لەبارەی بابەتەکانی توێژینەوە دەکات، کە ئەستەمە بتوانین بە ژمارە و ئامار گوزارشتیان لێبکەین، هەروەها ئەم میتۆدە تێگەیشتنێکی زیاترمان بۆ هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی پێدەبەخشێت، کە زانیاریی زۆرمان لەبارەیەوە نەبێت، یاخود ڕاستکردنەوەی زانیارییەکانمان لەبارەی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی کە ڕاڤەنەکراوان بە شێوەیەکی ورد (ماجد، 2016: 34).

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم میتۆدە لەلایەن توێژەر بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە، لەوانە گرنگیی بابەتەکە، هەوڵدان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی قووڵ و بابەتییانە لە باسەکە بکۆڵێتەوە، زانیاری لەسەر کۆبکرێتەوە، بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی بابەتی توێژینەوەکە.

### تەوەرەی پێنجەم: کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوە ( Population and sample Study)

کۆمەڵگای توێژینەوە بریتییە لە کۆی هەموو ئەو تاکانەی کە نموونەی توێژینەوە و بەشداربووەکانی تیادا دیاریدەکەی ( Coolican,

2014). کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە شاری هەولێرە، هەروەها نموونەی توێژینەوەکەش، نموونەیەکی مەبەستدارە. مەبەست لە نموونەی مەبەستدار ئەو نموونەیەیە، کە پشت بە ویست و ئارەزووی توێژەر دەبەستێت، لە کۆنترۆڵکردنی ئەو نموونەیەی کە مەبەستیەتی، بۆ ئەوەی زانیاریی ڕاست و ورد و بەڵگەدار لە ڕووی زانستییەوە کۆبکاتەوە (حمداوي،2013)

## تەوەرەی شەشەم: خەسڵەتە گشتییەکانی نموونەی توێژینەوە

نموونەی توێژینەوەکە لە (15) ئافرەتی خێزاندار، کە شارەزا و پسپۆڕن و خاوەن بڕوانامەی بەرزن بەپێی تەوەرەکانی توێژینەوەکە وەرگیراون، بەم شێوەیە (5) کەسیان لە بواری کۆمەڵایەتی پسپۆڕی کۆمەڵناسین، لە بواری دەروونیش (5) کەسن، هەروەها (5) کەسیان لە بواری پەروەردە. ئەو بەڕێزانەی وەرگیراون بە شێوەیەکی مەبەستدار کە خێزاندارن و ئافرەتن و هەم شارەزان و کار دەکەن لە دەرەوەی ماڵ بە پیشەی جیاواز.

## تەوەرەی حەوتەم: چۆنیەتیی کۆکردنەوەی داتا

هەنگاوێکی گرنگە لە هەنگاوە مەیدانییەکانی جێبەجێکردنی توێژینەوە، کە توێژەر خۆی لەڕێگای چەند توێژەرێک داتا و زانیاییەکان کۆدەکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش چەند ئامراز و کەرستەیەک بە یەکەوە بەکاردەهێنن یان سوود لە یەک کەرستە دەبینن، ئامراز و هۆیەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی جۆراوجۆرن، بە مەبەستی تێگەیشتنی زیاتر لە بابەتەکە، ئامرازی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیە بریتییە لە چاوپێکەوتن (interview). بە شێوەیەکی گشتی چاوپێکەوتن یەکێکە لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری کە لەتوێژینەوەی مەیدانیدا بەکاردێت، یاخود بریتییە لە پڕۆسەیەکی کۆمەڵایەتی کە لە نێوان دوو کەس ڕوودەدات، یەکیان

توێژەرە کە وەرگر و کۆکەرەوە و پۆلێنکەری زانیارییەکانە، دووەمیان لێتوێژراوە کە بەخشەری زانیارییەکانە بۆ توێژەر، لە دوای ئاراستەکردنی پرسیار لەلایەن توێژەرەوە (عیشور و اخرون، ٢٠١٧: ٣٢٩ -٣٣٠).

چاوپێکەوتن چەندین جۆری دیاریکراوی هەیە، بەڵام توێژەر لەم توێژینەوەیەدا چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی بەکارهێناوە، کە توێژەر چەند پرسیارێکی ئامادەکردووە و لە چوارچێوەی ئەو پرسیارانە ناچێتە دەرەوە، لەکاتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکە، هەروەها تەواوی پرسیارەکان پەیوەستن بە بابەتەکەوە (عومەر، 2012: 319).

لەهەمانکاتدا بۆ زیاتر دڵنیابوون و دەرهێنانی ڕاستگۆی پرسیارەکان، ڕاستگۆیی بۆ کۆی پێوەرەکە واتە پرسیارەکانمان دەرهێناوە، پێش ئەوەی ئاراستەی نموونەکەمان بکەین. "ڕاستگۆیی بەکاردێت بۆ ئەوەی بزانین ئاخۆ پێوەرەکەمان ئەو لایەنە پێوانەدەکات کە پێوەرەکەمان بۆ دروستکردووە" (Maltby, john Liz Day and Macaskill, 2007:57).

توێژەر پرسیارەکانی بەسەر (5)* پسپۆڕ دابەشکرد، کە پێکهاتوون لە کەسانی پسپۆڕ و تایبەتمەندیی جیاواز لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی ڕاستییەتی بڕگەکان. توێژەر سەرجەم تێبینی و گۆڕانکارییەکانی پسپۆڕانی بەهەند وەرگرت و چاککردنی بڕگەکانی ئەنجامدا، دەرکەوت پلەی ڕاستگۆیی دەکاتە (97.66%).

## تەوەرەی هەشتەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

کارکردنی ئەو ئافرەتانەی کە لە دەرەوە کاردەکەن، بەبێ ئەوەی کارکردنەکانیان پێویست بێت بۆ دەوڵەت یان خێزان، ئەوا زیانی زیاترە لە قازانج، واتە ئەوەی لەدەستیدەدەن زیاترە لەوەی بەدەستیدەهێنن، بۆیە

گەر بە وردی بیر لە زیان و دەستکەوتەکان بکەنەوە، ئەوا کاتەکانی خۆیان تەرخان دەکەن بۆ ماڵ و منداڵ و هاوسەرەکانیان نەک بۆ کارکردن لە دەرەوە، هەروەها کاتێک ئافرەت دەچێتە دەرەوە بۆ کار دەکەوێتە ناو مەیدانی کێبڕکێیەکی توند، زۆرجار ئەم کێبڕکێیەش ڕیشەیەکی ڕقلێبوونەوە و ئیرەیی تێدایە، جگە لەو ماندووبوونەی دووچاری دەبێت لەکاتی کارکردنی، ئەمانەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر خێزانەکەی (شلبي، 1986: 125).

ئەم تەوەرەی توێژینەوەکەمان تەرخانکردووە بۆ خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان، لە ڕێگای وەرگرتنی بۆچوونی شارەزایان و گفتوگۆکردن لەبارەی ئەنجامەکانی بابەتی توێژینەوەکەمان، بەپێی ئەم بوارانەی خوارەوە:-

### بواری کۆمەڵایەتی

دووریی دایکان لە منداڵ و هەرزەکارەکانیان، بەهۆی کارەوە لە دەرەوە بۆ کاتێکی زۆر و بە بەردەوامی، وا دەکات توێژێکی جیاواز دروستبێت کە ئاستی زیرەکییان کەمتر بێت و لاوازبن لە ڕووی بەهرەکانی زمانەوانی و توانای دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان لەگەڵ ژینگەی دەرەکی، ئەمەش وایان لێدەکات زیاتر دووچاری شڵەژانە دەروونییەکان بن، هەروەها کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوە ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی منداڵان و پەیوەندیی هاوسەری هەیە (نادية،2012 : 129).

بۆ زیاتر تیشکخستنەسەر ئاسەوار و کاریگەرییە نەرێنییەکانی کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ لەسەر پێگەیاندن و پەروەردەی منداڵان لە بواری کۆمەڵایەتی، پشت دەبەستین بە بیروڕای نموونەی توێژینەوەکە بە وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی سەرەکی:-

**1- کارکردنی ئافرەتان لە دەرووەی ماڵ بۆ کاتێکی زۆر، تا چەند هۆکارە بۆ فێربوونی منداڵ بە کۆمەڵێک بەها و خورەوشتی زیان بەخش؟**

لە وەڵامی ئەم پرسیارە نموونەی یەکەمی توێژینەوەکە (م. ح. ش) باوەڕی وایە" *ئافرەت کاتێ کاردەکات دەبێت ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە و ڕێکیبخات بۆ نموونە لەگەڵ هاوسەرەکەی و منداڵەکانی، ئەگەرنا منداڵ تووشی چەندین گرفت دەبێت و ڕەوشت و بەهای نامۆ وەردەگرێت".*

هەروەها نموونەی دووەمی توێژینەوەکە (خ. م. س) باوەڕی وایە" *هەموو دایکێک گرنگی بە منداڵەکانی دەدات جا چ لە دەرەوە کار بکات یان نا، بەڵام هەندێک منداڵ هەیە جوولەی زۆرە ڕووبەڕووی لێدان دەبێتەوە وا دەردەچێت هەندێک لە ڕەفتاری ناشرین وەربگرێت، لەوانەیە ئەو ڕەوشتە لە ئەنجامی توندوتیژیی ناو خێزان بێت یان لە دەرەوە فێریببێت، و سەرقاڵی دایک دەبێتە هۆی ئەوەی لە منداڵەکە دابڕێ، بەڵام دەتوانی لە ڕێگەی تەلەفۆن زووزوو هەواڵی منداڵەکانی بپرسێ ئەگەر بۆی گونجا، بۆ ئەوەی ئاگاداریی منداڵەکەی ببێت، چونکە زۆر گرنگە منداڵ بزانێ کە خێزانەکەی گرنگیی پێدەدەن".*

لەلایەکی ترەوە، نموونەی سێیەمی توێژینەوەکە (أ. خ. د) بۆچوونێکی جیاوازی هەیە و باوەڕی وایە " *ئەویان دەگەڕێتەوە بۆ باری ئابووریی خێزانەکە، ئایا ئەو خێزانە تا چەند توانای دارایی هەیە، بۆ ئەوەی منداڵەکانیان ببەنە شوێنێکی باش بۆ ئەوەی پەروەردەیەکی باش بکرێ، تاوەکو دایکەکە دەگەڕێتەوە ماڵەوە، بە پێچەوانەوەش ئەگەر منداڵ بە تەنیا بێت یان لە کۆڵان بێت بێ ئەوەی کەس چاودێر بێت بەسەریەوە فێری ڕەوشتی خراپ دەبێت".*

هەر لەم بارەوە، نموونەی چوارەم ( ه. م. ک ) دەڵێت" *لە بنەڕەتدا پەروەردەی منداڵەکە دەور دەبینێ واتە پێش ئەوەی دایکەکە دەست بە*

*کارکردن بکات، تا چەند گرنگی بە منداڵەکەی لە ڕووی خورەوشت و ئاکاری جوان دەدات، و کەسایەتیی منداڵەکە ڕۆڵی خۆی دەبینێ لە کاتێکدا ئەگەر دایک لە دەرەوەش کار بکات زیانی نابێت، منداڵەکە خاوەن ڕەوشت و کەسایەتیی خۆی دەبێت"*

هەر لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا، نموونەی پێنجەمی توێژینەوەکە (ە. خ. ع) دەڵێت " *لە ڕاستیدا من وەکو دایکێک زۆرجار ئەو هەستەم لادروست دەبێت، کە بەهۆی سەرقاڵبوون و ماندووبوونمەوە لە پیشەکەم ناتوانم بە تەواوی مافی منداڵەکانم بدەم، هەندێ جار کە هەندێ ڕەفتار و بەهای نامۆ فێردەبن بە دڵنیاییەوە دایک و باوک گوناحبارن لەمبارەیەوە".*

## 2- سەرقاڵبوونی ئافرەتان بە کارەوە لە دەرەوەی ماڵ، تا چەند کاریگەریی نەرێنی هەیە لەسەر تێرکردنی پێداویستییەکانی منداڵ؟

یەکێک لە کاریگەری و ئاسەوارە کۆمەڵایەتییەکانی کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوە، بریتییە لە کاریگەری لەسەر تێرکردنی پێداویستییەکانی منداڵان، لە وەڵامی ئەم پرسیارە نموونەی یەکەمی توێژینەوەکە (م. ح. ش) باوەڕی وایە" *تێرکردنی پێداویستیی مادی و سۆزداری بۆ منداڵ و ئەندامانی خێزان کارێکی ئاسان نییە کاتێکی باشی دەوێت، ئەمەش دەگۆڕێت لە خێزانێک بۆ خێزانێکی تر"*

هەروەها نموونەی دووەمی توێژینەوەکە (خ. م. س) باوەڕی وایە" *کارکردنی دایک لە دەرەوەی ماڵ کاریگەریی لەسەر پەروەردە کردنی منداڵ دەبێت، چونکە منداڵ لەم قۆناغەدا پێویستی زۆری بە دایکی دەبێت، ئەگەر دایکی بەهۆی کارکردن کاتی ئەوەی نەبێت، واباشە بتوانرێ بە کەسێکی تر بۆی قەرەبووبکرێتەوە یان دایک بتوانێ پشوو وەربگرێ تاوەکو هاوکار بێ بۆ منداڵەکەی".*

لەلایەکی ترەوە، نموونەی سێیەمی توێژینەوەکە (أ. خ. د) دەڵێت" *بەڵێ کاریگەریی هەیە، لەبەر ئەوەی دایک زیاتر لە زمان و پێداویستییەکانی منداڵ تێدەگات دەزانی ئەو منداڵە پێویستی بە چ یاریەک هەیە، یان چ خواردنەک هەیە، کەسێکی تر بە زەحمەت دەزانی ئەو منداڵە پێویستی بە چ شتێک هەیە*".

هەر لەم بارەوە، نموونەی چوارەم (ە. م. ک) دەڵێت" *کاریگەریی دایک لە دەرەوە بەندە بە ماوەی کارکردنەکەی، من وەک خۆم لە کەرتی گشتی کار دەکەم، هەوڵمداوە کە دوای دەوام سەرجەم پێداویستی منداڵەکەم لە خواردن، پاک و خاوێنی، یاریکردن و چالاکی... دابینبکەم ئەمەیان بەندە بە کەسایەتیی دایکەکە خۆی تا چەند کەسەکە ژیانی بەرنامە دارێژراوە*".

هەر لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا، نموونەی پێنجەمی توێژینەوەکە (ە. خ. ع) دەڵێت " *لە ڕاستیدا من وەکو دایکێک زۆرجار ئەو هەستەم لادروست دەبێت، کە ناتوانم بە تەواوی مافی منداڵەکانم بدەم، چونکە زۆرجار ئەوەندە هیلاک و ماندوودەبم کە دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە حەزدەکەم پشووبدەم و منداڵەکانم لێم دووردەکەونەوە، بۆیە هەندێ جار دەچنە کۆڵان و ڕەفتار و بەهای نامۆ فێردەبن*".

کەواتە بەپێی بیروڕای تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە، کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوە، ئاسەواری نەرێنی بەدوای خۆیدا لەسەر گرنگیدان و تێرکردنی پێداویستییەکانی منداڵ جێدێڵێت، ئەم ئەنجامانەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی توێژەر (مليكه الحاج يوسف) "دایکانی ئافرەت بەهۆی کارکردنیانەوە ناتوانن وەکو پێویست گرنگی بە منداڵەکانیان بدەن، ئەمەش بەهۆی دوورکەوتنەوەیان لە منداڵەکانیان و سەرقاڵبوونیان بە کارەکانی ماڵەوە، ئەمەش هیلاکی و شەکەتی بەدوای خۆیدا دێنێت و تێرکردنی پێداویستییەکان و گرنگی پێدانی بۆ منداڵەکانی کەمدەکاتەوە".

**3-ئایا کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ بۆ کاتێکی زۆر، تا چەند کاریگەریی نەرێنی لە لاوازبوونی گەشەی کۆمەڵایەتي و زمانیی منداڵ هەیە؟**

لە وەڵامی ئەم پرسیارە، نموونەی یەکەمی توێژینەوەکە (م. ح. ش) باوەڕی وایە" *کاریگەریی کارکردنی ئافرەت بۆ ماوەیەکی درێژ کاریگەریی نەرێنی نابێت، ئەگەر هاتوو تەواوکەری هەبێت و هاوکاری بکرێت بۆ نموونە لەلایەن باخچەی ساوایان و قوتابخانە، خێزانی گەورە (ماڵە باوان )..... هتد*".

هەروەها نموونەی دووەمی توێژینەوەکە (خ. م. س) باوەڕی وایە" *کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ و سەرقاڵبوونی تاڕاددەیەک کاریگەریی هەیە، چونکە دایک لەو بارەدا کەمتر فریای ئەوە دەکەوێت ئاگاداریی منداڵەکانی بێت، لە بەر ئەوەی دوو ئەرکی دەکەوێتە سەر، هەم ئەرکی ماڵ و کاری دەرەوەش بۆ پەیداکردنی بژێویی ژیان*".

لەلایەکی ترەوە، نموونەی سێیەمی توێژینەوەکە (أ. خ. د) دەڵێت "*بەڵێ کاریگەریی هەیە، دایک گەر زیاتر لە ماڵەوە بێت دەتوانێ زیاتر لەگەڵ منداڵەکەی قسە بکات بۆ ئەوەی منداڵەکە زووتر فێری قسەکردن ببێت و کۆمەڵایەتیی زیاتر بێت و تێکەڵاوی منداڵی تر بێت*".

هەر لەم بارەوە، نموونەی چوارەم (ه. م. ک) بۆچوونێکی جیاوازی هەیە و دەڵێت" *بەڕای من ئەو منداڵەی دایکیان لە دەرەوە کار دەکات زیاتر کۆمەڵایەتین بە هۆی ئەوەی کە منداڵە دەبرێتە داینگە، مامەڵەی لەگەڵ چەندان دادە و منداڵی تر دەکات، یان دەبرێنە ماڵی باوان کە بە گشتی ماڵێکی قەرەباڵغن و لەگەڵ چەند کەسێک دەتوانی قسە بکە، ئەمەش بەهەمان شێوە پەیوەندی هەیە بە کەسێتیی خۆی... بە گشتی ئەو منداڵانە زیاتر کۆمەڵایەتین و زیاتر باوەڕیان بە خۆیان هەیە*".

هەر لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا، نموونەی پێنجەمی توێژینەوەکە ( ه. خ. ع) باوەڕی وایە" *سەرقاڵبوونی ئافرەت بە کاری دەرەوە، تاڕاددەیەک کاریگەریی لەسەر کەمکردنەوەی سۆز بە منداڵەکان و کەمتربوونەوەی کاتی ئافرەت بە سەرقاڵبوون بە قسەکردن و کارلێککردنی زیاتر هەیە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر کۆی پرۆسەکان".*

کەواتە بەپێی بیروڕای تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە، کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوە، ئاسەواری نەرێنی بەدوای خۆیدا لەسەر گەشەی زمانی و کۆمەڵایەتی جێدێڵێت، ئەم ئەنجامانەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی توێژەر (مليكه الحاج يوسف)" زۆریی کاتی کارکردنی دایک لە دەرەوەی ماڵ کاریگەریی نەرێنی دەخاتە سەر منداڵەکانی، لەو کاتانەی کە لە چاودێریکردن و گرنگیپێدانی بە منداڵەکانی کەمدەبێتەوە، بەهۆی ئەوەی زۆرجار ناتوانێت هاوسەنگییەک دروستبکات لە نێوان کاری دەرەوە و ماڵەوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر گەشەی زمانی و کۆمەڵایەتیی منداڵ دەبێت ".

**بواری دەروونی**

کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ ڕەنگدانەوەیەکی نەرێنی لەسەر کەسایەتیی منداڵ دەبێت بە تایبەتی لە پێنج ساڵی سەرەتای تەمەنیدا، هەروەکو قوتابخانەی شیکاریی دەروونی (فرۆید) جەخت لەسەر گرنگیی ئەو پێنج ساڵە دەکات لە گەشەی سۆزی و هەڵچوونی منداڵ. بۆیە دووربوونی دایک لە منداڵەکەی بۆ کاتێکی زۆر لە دەرەوە، هۆکارێکە بۆ هەستکردنی منداڵ بە غەریبی و نائاسوودەیی دەروونی (نعامة،87:1984).

بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر ئاسەوار و کاریگەرییە نەرێنییەکانی کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ لەسەر پێگەیاندن و پەروەردەی

منداڵان لە بواری دەروونی، پشت دەبەستین بە بیروڕای نموونەی توێژینەوەکە بە وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی سەرەکی:-

**1- کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ بۆ کاتێکی زۆر، کاریگەریی نەرێنی هەیە لەسەر گەشەی دەروونی و جەستەیی منداڵ؟**

لە وەڵامی ئەم پرسیارە، نموونەی شەشەمی توێژینەوەکە (ل. ح. ع) باوەڕی وایە" *دەتوانین لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بڵێین بەڵێ کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ بۆ کاتێکی زۆر کاریگەریی نەرێنی لەسەر گەشەکردنی جەستەی و دەروونیی منداڵ هەیە، ئەگەر لە کۆمەڵگاکەدا سیستەمی پەروەردەی تەندروست و داینگە و باخچەی ساوایانی زانستی بوونیان نەبێت".*

هەروەها نموونەی حەوتەمی توێژینەوەکە (أ. ز. ق) باوەڕی وایە" *ئافرەت لە ماڵەوە بێت یان لە دەرەوە، منداڵ بەخۆی هەر گەشەدەکات لە ڕووی جەستەییەوە، بەڵام بۆ لایەنی گەشەی دەروونی، کەم تا زۆر دورکەوتنەوەی دایک لە منداڵەکەی هەموو ڕۆژێک و بە بەردەوامی، بۆشاییەکی دەروونی لای منداڵ دروستدەکات، چونکە لەم تەمەنەدا منداڵ پێویستی بە پاڵپشتی مەعنەوی هەیە لەلایەن دایکییەوە بەو پێیەی نزیکترین ئەندامی خێزانە سەبارەت بە منداڵەکە".*

لەلایەکی ترەوە، نموونەی هەشتەمی توێژینەوەکە (د. د. ق) دەڵێت" *کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ بە دڵنیاییەوە کاریگەریی خراپی لەسەر گەشە و جەستەی منداڵ دەبێت، چونکە دایک لە پەروەردە و گەشە ئەرکی بەرپرسیاریەتیی زیاتری لە ئەستۆیە بە حوکمی ئەوەی دایک زیاتر لە باوک ئاگاداریی منداڵەکانە".*

*هەر لە وەڵامی ئەم پرسیارەوە، نموونەی نۆیەمی توێژینەوەکە (ە. ج. س) باوەڕی وایە" کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ بە مەبەستی پەیداکردنی بژێوی یان بەشداری لە پڕکردنەوەی پێداویستیی ژیان، ئەوا تاڕادەیەک کاریگەری لەسەر گەشەی دەروونی و جەستەی منداڵ دەبێت، بە مەرجێک ئەو منداڵە لە ماڵ بێت بێ چاودێریی کەسی پێگەیشتوو یان ببرێتە داینگەیەکی خراپ ".*

*لەلایەکی ترەوە، نموونەی دەیەمی توێژینەوەکە (ف. ک. ز) باوەڕی وایە" کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ بە مەبەستی هاوکاریکردنی خێزان لە پڕکردنەوەی پێداویستیی ژیان ئەوا تاڕادەیەک کاریگەریی لەسەر گەشەی دەروونی و جەستەیی منداڵ دەبێت، چونکە هیچ شوێن و کەسێک ناتوانێت ببێتە شوێنگرەوەی دایک لە پێگەیاندن و پەروەردەی منداڵ ".*

کەواتە بەپێی بیروڕای تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوە، ئاسەواری نەرێنی بەدوای خۆیدا لەسەر گەشەی دەروونی و کەسایەتیی منداڵ جێدێڵێت، ئەم ئەنجامانەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی توێژەر (عاجب بومدين) "ئافرەتی کارکەر لە دەرەوە دووچاری خەمۆکی و هەست بە گوناحباری دەکات، ئەمەش بەرهەمهاتووە لە بیرکردنەوەی بۆ سەرکەوتنی کارەکەی لە دەرەوە و لەلایەکی تر، بیرکردنەوەی بۆ چاودێریی خێزان و کاروباری ماڵ و منداڵەکانی، ئەم هەستەش زیاتر دەبێت کاتێک منداڵەکانی لە دایەنگە و ماڵە خزم و دراوسێکانی دادەنێت، ئەمەش کاریگەریی لەسەر دەروون و پێگەیاندنی منداڵەکانی هەیە ".

**2- سەرقاڵبوونی ئافرەتان بەکارەوە لە دەرەوەی ماڵ، تا چەند کاریگەریی هەیە لەسەر قۆناغەکانی گەشەی کەسایەتیی منداڵ؟**

لە وەڵامی ئەم پرسیارە، نموونەی شەشەمی توێژینەوەکە (ل. ح. ع) باوەڕی وایە" *بۆ گەشەکردنی کەسایەتیی منداڵ دەرچوونی ئافرەت و کارکردنی لە دەرەوەی ماڵ تاڕادەیەکی کەم کاری نەرێنی هەیە، ئەگەر جێگای ئەو سۆزە نەگرنەوە کە لە بوارە کۆمەڵایەتییەکەدا هەیە".*

هەروەها نموونەی حەوتەمی توێژینەوەکە (أ. ز. ق) باوەڕی وایە" *گرنگترین قۆناغەکانی دروستبوون و گەشەکردنی کەسایەتیی تاک، بریتییە لە قۆناغی منداڵی،* چونکە *لەم قۆناغەدا تاک کەسایەتی دروستدەکات و کاردانەوەی بەهێزی لەسەر لایەنەکانی کەسایەتی لە داهاتوودا دەبێت، دایک ئەو کەسەیە کە بەشدارە لە گەشەی کەسایەتیی منداڵەکەی، لە ڕێگای ئەو پەروەردە و پێگەیاندنەی کە بە منداڵەکەی دەدات، کەواتە دوورکەوتنەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر لە منداڵەکەی، وای لێدەکات بەپێی پێویست گرنگی بەو پەروەردەیە نەدات، هەرچەندە ئەم بابەتانە ڕێژەیین و لە کەسێک بۆ کەسێکی تر وەکو یەک نییە ".*

لەلایەکی ترەوە، نموونەی هەشتەمی توێژینەوەکە (د. د. ق) دەڵێت" *ئاشکرایە کارکردنی دایک لە دەرەوە، بۆ ماوەیەکی زۆر کاریگەریی لەسەر منداڵ هەیە، لە ڕووی قۆناغەکانی گەشەی منداڵ و دروستبوونی کەسایەتی، لەبەر ئەوەی خێزان بە پلەی یەکەم بەرپرسیارە لە گەشەی منداڵ".*

هەر لە وەڵامی ئەم پرسیارەوە، نموونەی نۆیەمی توێژینەوەکە (ه. ج. س) باوەڕی وایە" *بە دڵنیاییەوە کارکردنی دایک لە دەرەوەی خێزان، کاریگەریی نەرێنی لەسەر قۆناغەکانی دروستبوونی کەسایەتیی منداڵ دەبێت بەهۆی ئەوەی خێزان کەمتر دەتوانێ ئەو متمانەیە ببەخشێ بە*

*منداڵەکەی، ئەگەر هاتوو لە ژێر چاودێریی کەسی شارەزا لە بواری پەروەردەکردنی منداڵ نەبێت، تا ئەو کاتەی دایکی لە کار دەگەڕێتەوە ".*

لەلایەکی ترەوە، نموونەی دەیەمی توێژینەوەکە (ف. ک. ز) باوەڕی وایە" *تاڕادەیەکی زۆر دەتوانین بڵێین کارکردنی دایک لە دەرەوە کاریگەریی نەرێنی لەسەر قۆناغەکانی دروستبوونی کەسایەتیی منداڵ دەبێت، بەهۆی ئەوەی خێزان کەمتر دەتوانێ ئاگاداری منداڵەکەی بێت لە بواری پەروەردە و سەرپەرشتی و چاودێریکردن تا ئەو کاتەی دایکی لە کار دەگەڕێتەوە ".*

**3- دوورکەوتنەوەی ئافرەتان لە منداڵەکانیان ڕۆژانە، کاریگەریی لەسەر لایەنی ڕەفتاری و تەندروستیی دەروونیی منداڵ هەیە؟**

کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوە، ڕەنگدانەوەیەکی نەرێنی لەسەر تاکەکانی خێزانەکەی هەیە و هەروەها لەسەر تەندروستی و دەروونیی خودی خۆشی، کاریگەرییە نەرێنییەکان لەسەر منداڵەکانی لەسەر پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت بە تایبەت لە ڕووی سۆز و خۆشەویستی، کە زۆر پێویستی پێیەتی بۆ گەشەیەکی تەندروستی منداڵ، لە ساڵانی سەرەتای تەمەنیدا، لەهەمانکاتدا کارکردن کاریگەریی نەرینی لەسەر تەندروستیی دەروونیی ئافرەتانی کارکەر هەیە، بەهۆی دەرکەوتنی هەندێ حاڵەتی وەکو ماندووبوون و دڵەڕاوکی (بومدين، 2017 : 145).

لەوەڵامی ئەم پرسیارە، نموونەی شەشەمی توێژینەوەکە (ل. ح. ع) باوەڕی وایە" *دەرچوونی ئافرەت و کارکردنی لە دەرەوەی ماڵ پەیوەندیی زۆری بە تەندروستیی منداڵەوە هەیە، دیسان ئەمە دەکەوێتە سەر دامەزراوە و دەزگا پەروەردەییەکانی تر، کە تا چەند لە کۆمەڵگاکەدا بە شێوەیەکی زانستی هەن و بۆ تەواوی چین و توێژکانی کۆمەڵگا*

*فەراهەمکراون، بۆ کۆمەڵگای خۆمان بەڵێ کاریگەری بە شێوەیەکی نەرێنی لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتی دواتری منداڵ دەبێت".*

هەروەها نموونەی حەوتەمی توێژینەوەکە (أ.ز. ق) باوەڕی وایە" *بە دڵنیاییەوە کارکردنی زۆری دایک و دوورکەوتنەوەی ڕۆڵێکی کەمتر بە دایک دەدات بۆ پێدان و دروستکردنی بڕوا و متمانەیەکی بەهێز لەلای منداڵەکەی، هەروەها بونیادنانی کەسایەتییەکی بەهێز و متمانەبەخۆبوو".*

لەلایەکی ترەوە، نموونەی هەشتەمی توێژینەوەکە (د. د. ق) دەڵێت" *بە دڵنیاییەوە کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ کاریگەریی نەرێنیی خراپی لەسەر دەروون و تەندروستیی منداڵ دەبێت، لەبەرئەوەی دایک وەک لانکەی یەکەمی منداڵ بەخێوکردنی منداڵی لەئەستۆیە هەروەها ئاگاداریی دەروونی دەبێت لە ڕووی تەندروستیی دەروونییەوە".*

هەر لە وەڵامی ئەم پرسیارەوە، نموونەی نۆیەمی توێژینەوەکە (ه. ج. س) دەڵێت" *لە ڕاستیدا هەڵسوکەوتی منداڵ تەنها پەیوەست نییە بە کارکردنی دایک لە دەرەوەی ماڵ بۆ کاتێکی دووردوودرێژ، بەڵام بە دڵنیاییەوە کاریگەریی کەم تا زۆر هەیە، چونکە بوونی دایک لەماڵ تاڕاددەیەکی زۆر کۆنترۆڵی منداڵەکانی دەکات لە ڕووی هەڵسوکەوت و دەروونتدروستییەوە".*

لەلایەکی ترەوە، نموونەی دەیەمی توێژینەوەکە (ف. ک. ز) باوەڕی وایە" *کاریگەریی کارکردنی دایک لە دەرەوەی ماڵ پەیوەندی بە تەندروستیی دەروونیی منداڵ هەیە، چونکە منداڵ لە قۆناغەکانی گەشەیدایە پێویستی بە دایکی هەیە بۆ ئەوەی لە ڕووی دەروونییەوە تەندروست باش بێت".*

**بواری پەروەردە**

کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوە، هۆکارێکە بۆ دووچاربوون بە شڵەژان و لەدەستدانی کۆنترۆڵی دەروون و لەدەستدانی توانای تەرکیز و دووچاربوون بە دڵەڕاوکێی، جگە لەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە بە هۆی پێکهاتە ئەندامی و جەستەییەکەیەوە، زۆربەی ئەو ئافرەتانەی کە کاردەکەن لە دەرەوە دەناڵێنن بە شەکەتی جەستەیی و هزری، ئەم بارودۆخانەش کاریگەریی لەسەر بەجێگەیاندنی ئەرکە پەروەردەییەکانی ئافرەت لەناو خێزان دەبێت (نادیة، 2012: 7).

بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر ئاسەوار و کاریگەرییە نەرێنییەکانی کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ لەسەر پێگەیاندن و پەروەردەی منداڵان لە بواری پەروەردەیی، پشت دەبەستین بە بیروڕای نموونەی توێژینەوەکە بە وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی سەرەکی:-

**1- کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ، کاریگەریی هەیە لەسەر دەستکەوتی خوێندن لای منداڵ؟**

لە وەڵامی ئەم پرسیارە، نموونەی یازدەیەمی توێژینەوەکە (ج. أ. أ) باوەڕی وایە "*کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ لە ڕووی دەستکەوتی ماددی بۆ منداڵ کاریگەریی هەیە، چونکە ئەو ئافرەتانەی لە دەرەوە کار دەکەن دەتوانن لە ڕووی ماددی یارمەتیدەربن بۆ خوێندن و دابینکردنی پێداویستییەکانی خوێندن، بەڵام لە ڕووی دەستکەوتی مەعنەوی کەمێک لاواز دەبێت بەهۆی سەرقاڵییەوەی* ".

هەروەها نموونەی دوازدەیەمی توێژینەوەکە (ک. ف. ک) باوەڕی وایە" *پەیوەستە بە جۆر و ماوەی کاری دایک لە دەرەوە ئەگەر بەکارەکەی وا بخوازێت زۆر لە دەرەوە بێت بێگومان کاریگەریی نەرێتی*

*دەبێت، چونکە دایکەکەش لەدوای کارکردنێکی زۆر هێز و توانای نامێنێ و کاتیشی نابێ بۆ ئەوەی بە ئەرکی منداڵەکەی ڕابگات".*

هەر لە وەڵامی ئەم پرسیارەوە، نموونەی سێزدەیەمی توێژینەوەکە (ت. خ. ع) باوەڕی وایە" *کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ دەبێتە هۆی ماندووبوون و بەفیرۆچوونی وزەی ئافرەت، هەرچەندە لە ئافرەتێکەوە بۆ ئافرەتێکی تر جیاوازە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی کاریگەریی نەرێنی دەبێت و لەوانەیە تەرکیز و کاتی کەم هەبێت بۆ یارمەتیدانی منداڵەکانی لە ئەرکی قوتابخانە".*

لەلایەکی ترەوە، نموونەی چواردەیەمی توێژینەوەکە (ن. ع. م) باوەڕی وایە" *کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ بۆ کاتێکی زۆر کاریگەریی نەرێنی لەسەر باری دەروونیی خودی ئافرەتەکە هەیە، بێگومان لە کاتی هەڵچوون و تووڕەبوونیشدا مرۆڤ ناتوانێ هەمان مامەڵە بکات کە لەکاتی ئاساییدا دەیکات لەگەڵ بەرانبەری بە تایبەت بۆ منداڵ، بۆیە دواتر ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر دەستکەوتی خوێندنی دەبێت".*

هەروەها نموونەی پازدەیەمی توێژینەوەکە (د. ت. ع) باوەڕی وایە" *هیلاک و ماندووبوونی زۆری دایک لە دەرەوەی ماڵ و ئەرک و بەرپرسیاریەتیی ناو ماڵ، دواجار فشارێکی دەروونی لەسەر دایک دروستدەکات، کە کاردانەوەی لەسەر شێوازی قسەکردن و هەڵسوکەوت و ڕۆڵبینینی دایکەکە هەیە، ئەم فشارە دەروونییەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر شێوازی پەروەردەکردنی منداڵ و دەستکەوتی خوێندن دەبێت".*

کەواتە بەپێی بیروڕای تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوە، ئاسەواری نەرێنی بەدوای خۆیدا لەسەر دەستکەوتی خوێندن جێدێڵێت، ئەم ئەنجامانەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامی

توێژینەوەی توێژەر ( كاملة بكاكرة) " کارکردنی ئافرەتان کاریگەریی لەسەر دەروون و جەستەی خودی ئافرەتانی کارکەر هەیە، ئەمەش بەهۆی خەرجکردنی وزە و توانایەکی زۆر لە ناوەوە و دەرەوەی ماڵ، لە پێناو تێرکردنی پێداویستییەکانی منداڵ و هاوسەر و کارەکانیان، ئەمەش کاریگەریی لە بەخشینی سۆز و خۆشەویستی بۆ منداڵەکان هەیە، بۆیە ئەو کاتانەی کە ئافرەت تەرخانیدەکات بۆ کارکردن لە دەرەوە کاریگەریی نەرێنی لەسەر دەستکەوتی خوێندنی منداڵەکانی هەیە".

## 2-ئایا کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ، توانا و کاتی ئافرەتان کەمناکاتەوە لە ڕەخساندنی ژینگەیەکی لەبار بۆ فێربوون و فێرکردن؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارە، نموونەی یازدەیەمی توێژینەوەکە (ج. أ. أ) *باوەڕی وایە "کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ دەبێتە هۆی ماندووبوون و بەفیڕۆچوونی کات، چونکە ئافرەت جگە لە کاری دەرەوە کاری ماڵەوەشی هەیە، بۆیە دەبێتە هۆی بەفیڕۆچوونی وزە و کات کە ئەمانەش ژینگەی لەبار نابێت بۆ فێرکردن و فێربوونی منداڵەکان، دەبێت ئافرەت لە کاتی خۆی تەرخانبکات بۆ ئەم بابەتە و لەوانەیە گەیاندنی بابەتەکان بە منداڵان کەموکوڕی تێدابێت " .*

هەروەها نموونەی دوازدەیەمی توێژینەوەکە (ک. ف. ک) باوەڕی وایە" *جۆر و کات زۆر گرنگە، بەڵام لەهەمان کاتدا ئافرەت دەتوانێ کاتەکانی دابەش بکات بۆ کار و ماڵ و منداڵیش" .*

هەر لە وەڵامی ئەم پرسیارەوە، نموونەی سێزدەیەمی توێژینەوەکە (ت. خ. ع) باوەڕی وایە "*سەرقاڵبوونی دایک بە کارکردن لە دەرەوە زیانی زۆری هەیە، چونکە منداڵ زیاتر پشتدەبەستێ بە دایک، ئەگەر دایک نەتوانێ ئەو کارە بکات ئەوا بۆشاییەکی گەورە دروستدەبێت و هەست بە ئەمان ناکات و حەز بە خوێندن و خوێندنەوە ناکات لە دووریی دایک " .*

لەلایەکی ترەوە، نموونەی چواردەیەمی توێژینەوەکە (ن. ع. م) باوەڕی وایە" *کارکردنی دایک لە دەرەوەی ماڵ کاریگەریی لەسەر پەروەردەکردن دەبێت،* چونکە *منداڵ لەم قۆناغەدا پێویستیی زۆری بە دایکی دەبێت، ئەگەری زۆرە دایکی بەهۆی کارکردنەوە کاتی زۆری نەبێت بۆ فێرکردنی منداڵەکەی*".

هەروەها نموونەی پازدەیەمی توێژینەوەکە (د. ت. ع) باوەڕی وایە "*کاریگەریی دایک لە دەرەوە بەندە بە ماوەکەی واتە زۆر، من وەک خۆم لە کەرتی گشتی کاردەکەم هەوڵمداوە، کە دوای دەوام سەرجەم پێداویستیی منداڵەکەم لە خواردن، پاک و خاوێنی، یاریکردن و چالاکی دابینبکەم*".

کەواتە بەپێی بیروڕای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوە، ئاسەواری نەرێنی بەدوای خۆیدا لەسەر پرۆسەی فیرکردن جێدێڵێت، ئەم ئەنجامانەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی توێژەر (کاملة بکاکرة) "لە (70%) تاکەکانی توێژینەوە باوەڕیان وایە، کارکردنی ئافرەتان هۆکارێکە بۆ دروسبوونی کەموکوڕی لە پرۆسەی فێرکردنی منداڵەکانیان".

**3-ئایا ماندووبوونی ئافرەتان بە کارەوە لە دەرەوەی ماڵ، کاریگەریی نەرێنی هەیە لەسەر جێبەجێکردنی مافە پەروەردەییەکانی منداڵ؟**

لە وەڵامی ئەم پرسیارە، نموونەی یازدەیەمی توێژینەوەکە (ج. أ. أ) باوەڕی وایە" *بێگومان ماندووبوونی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ کاریگەریی نەرێنی لەسەر پەروەردە و فێرکردنی منداڵ هەیە، چونکە جیا لە کاری دەرەوە ئافرەتان کۆمەڵێک کاری ماڵەوەشیان هەیە و وزەی مرۆڤیش سنووردارە، هەر لەبەر ئەوەش لە توانای جەستەیی و هزریی مرۆڤ*

*بەشی ئەوە ناکات کە کاری دەرەوە و ماڵەوە و پەروەردەی منداڵ بە تەواوی ئەنجامبدات، هەر چەندە ئافرتان زۆربەی زۆری سەرکەوتووانە توانیویەتی هەموو کارەکان بە تەواوی ئەنجامبدات، کە ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر باری تەندروستیی هەیە، چونکە وزەیەکی زۆر بۆ کاری ماڵ و منداڵ سەرفدەکات".*

هەروەها نموونەی دوازدەیەمی توێژینەوەکە (ک. ف. ک) باوەڕی وایە" *بێگومان فشار و ماندووبوونی زیادی دایک لە دەرەوە، کاریگەریی نەرێنی لەسەر پەروەردەی منداڵ دەبێت".*

هەر لە وەڵامی ئەم پرسیارەوە، نموونەی سێزدەیەمی توێژینەوەکە (ت. خ. ع) باوەڕی وایە "*کاریگەریی زۆری هەیە دایک ناتوانی بە هۆی ئەوەی کەم لە ماڵەوەیە ئەو کاتانەی کە دەگەڕێتەوە کاتی ئیسراحەت و خەوی منداڵەکەیە دایکەکە فریای ئەوە ناکەوێ سۆز و خۆشەویستیی خۆی بداتە منداڵەکەی و ئەرکە پەروەردەییەکان بە تەواوی جێبەجێبکات".*

لەلایەکی ترەوە، نموونەی چواردەیەمی توێژینەوەکە (ن. ع. م) باوەڕی وایە" *کارکردنی دایک لە دەرەوەی ماڵ کاریگەریی دەبێت، چونکە دوورکەوتنەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر لە منداڵەکەی، وای لێدەکات بەپێی پێویست گرنگی بەو پەروەردەیە نەدات، هەرچەندە ئەم بابەتانە هەموویان ڕێژەیین و لە کەسێک بۆ کەسێکی تر وەکو یەک نییە".*

هەروەها نموونەی پازدەیەمی توێژینەوەکە (د. ت. ع) باوەڕی وایە" *لە ڕاستیدا پەروەردەکردنی منداڵ ئەرکێکی پیرۆز و سەختە، پێویستی بە کاتێکی زۆر و میکانیزم و شێوازی تایبەت هەیە، بە تایبەت لەناو خێزان ئەم ئەرکە زیاتر دەکەوێتە ئەستۆی دایک بەهۆی ئەوەی پێوەرە کلتوورییەکان و نۆرمەکان وایە، کە ئەو ئەرکە لە چاودێریکردن و بەخێوکردنی منداڵ لای دایکە، بۆیە پێموایە هەر دابڕان و کەمتەرخەمییەک*

*بەهەر هۆیەکەوە بێت ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر پێگەیاندن و پەروەردەی منداڵەکان دەبێت".*

### تەوەرەی نۆیەم: ئەنجامەکانی توێژینەوە

### لەبواری کۆمەڵایەتی

کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوە بۆ ماوەیەکی زۆر، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی پێدانی سۆز و خۆشەویستیی دایک بۆ منداڵ و هەروەها کەمبوونەوەی کات لە چاندنی بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتییە جوانەکان لە ناخی منداڵ، ئەمەش بوار دەڕەخسێنی لە فێربوونی هەندێ بەها و ڕەوشتی نامۆ لە ڕێگەی کەناڵەکانی تری پێگەیاندنەوە.

سەرقاڵبوونی ئافرەت بەکارەوە لە دەرەوەی ماڵ، کاریگەریی نەرێنی لە تێرکردنی پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی منداڵ هەیە، چونکە هیچ کەسێک ناتوانێت وەکو دایک لە منداڵەکەی تێبگات و پێداویستییەکانی بۆ دابینبکات، بۆیە ئەو کاتانەی لە ماڵ نییە بۆشاییەکی گەورە بۆ منداڵ دروستدەکات.

کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوە، کاریگەریی نەرێنی دەخاتە سەر پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونی منداڵ و فێرکردنی زمان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوروبەر، چونکە هەرچەند دایک کاتی زیاتر لەگەڵ منداڵەکانی بەسەر ببات ئەوەندە زووتر منداڵ فێری زمان و قسەکردن دەبێت، و زیاتر هەست بە ئاسوودەیی دەکات، بە پێچەوانەشەوە ڕاستە.

### بواری دەروونی

کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ کاریگەریی خراپی لەسەر گەشەی دەروونیی منداڵ دەبێت، چونکە دایک لە پەروەردە و گەشە

ئەرکی بەرپرسیاریەتیی زیاتری لەئەستۆیە، بە حوکمی ئەوەی دایک زیاتر لە باوک ئاگاداری منداڵەکانە، بە تایبەت ئەگەر لە کۆمەڵگاکەدا سیستەمی پەروەردەی تەندروست و داینگە و باخچەی ساوایانی زانستی نەبن.

کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ کاریگەریی لەسەر قۆناغەکانی بونیادنانی کەسایەتیی منداڵ دەبێت، چونکە منداڵ تا تەمەنی (5) ساڵ لەناو دەزگای پێگەیاندنی خێزاندایە و بەپێی بیروڕای زانایانی دەروونزانی ئەم تەمەنە زۆر هەستیارە بۆ منداڵ و کەسایەتیی دروستدەبێت، بۆیە دوورەپەرێزبوون و هەر کەمتەرخەمییەک لەلایەن خێزانەوە بە تایبەت دایک ئاسەواری نەرێنی لەسەر کەسایەتیی جێدەهێڵێت.

کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ کاریگەریی نەرێنی لەسەر دەروون و تەندروستیی منداڵ دەبێت، لەبەر ئەوەی دایک وەک لانکەی یەکەمی منداڵ بەخێوکردنی منداڵی لەئەستۆدایە و منداڵ لە قۆناغەکانی گەشەیدایە پێویستییەکی زۆری بە دایک هەیە, بۆ ئەوەی لە ڕووی دەروونییەوە تەندروستباش بێت.

**بواری پەروەردە**

کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ دەبێتە هۆی ماندووبوون و خەرجکردنی وزەی ئافرەت، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لە کەمکردنەوەی تەرکیز و گرنگیپێدانی بۆ منداڵەکانی دەبێت، لە ئەرکی قوتابخانە و دەستکەوتی مەعنەوی بەهۆی سەرقاڵییەوەی.

کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ دەبێتە هۆی ماندووبوون و فشاری جەستەیی و دەروونی، چونکە ئافرەت جگە لە کاری دەرەوە کاری ماڵەوەشی هەیە، دواجار ئەم ڕۆڵە جیاواز و ئەرکە زۆرانە

کاریگەریی لەسەر توانا و سەلیقەی دایک هەیە، لە ڕەخساندنی ژینگەیەکی لەبار بۆ فێرکردن و فێربوونی منداڵەکان.

کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ، کاریگەریی نەرێنیی لەسەر توانا فیکری و جەستەییەکانی هەیە، بۆیە کاتێک لە ماڵەوەشە پێویستی بە پشووە و ئەمەش لەسەر حیسابی ئەو کاتانەیە، کە پێویستە بۆ خێزان و منداڵەکانی تەرخانبکات، بۆیە زۆر فریای ئەوە ناکەوێ سۆز و خۆشەویستیی خۆی بداتە منداڵەکەی و ئەرکە پەروەردەییەکان بە تەواوی جێبەجێبکات ".

## تەوەرەی دەیەم: پێشنیازەکان

ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەمەڕ ئاسەوارە کۆمەڵایەتییەکانی کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ لەسەر کۆمەڵگا.

ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەمەڕ پەیوەندیی کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ بە تێکچوونی شیرازەی خێزان.

ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەمەڕ لایەنە باش و ئەرێنییەکانی کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ لەسەر پێشخستنی کۆمەڵگا.

## تەوەرەی یازدەیەم: ڕاسپاردەکان

لەسەر میری پێویستە یاسا و ڕێنمایی تایبەت دابڕێژێت، بۆ ئافرەتانی دایک، کە لە دامودەزگاکان کاردەکەن و فەرمانبەرن لە پێشکەشکردنی هاوکاریی ماددی و مەعنەویی زیاتر، بۆ ئەوەی بتوانن هاوسەنگی ڕابگرن لە نێوان ئەو ڕۆڵە جیاواز و ئەرکە جیاوازانەی کە هەیانە لە دەرەوە و ناوەوەی ماڵ.

لەسەر کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت پێویستە، ماوەی مۆڵەتی دایکایەتیی زیاتر بکرێت بە مووچەی تەواو، بۆ ئەوەی دایک بتوانێت تا تەمەنی (٥) ساڵی لەگەڵ منداڵەکانیان بن و پەروەردەیەکی تەندروست و پێگەیاندنێکی باشی منداڵەکانیان بکەن لەماڵەوە.

کردنەوەی داینگە لە شوێنی کاری ئافرەتان لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، بۆ ئەوەی منداڵەکانیان لێیان نزیکبێت لە کاتی پێویست چاودێری و هاوکاریی منداڵەکانیان بکەن.

## پەراوێزەکان

* پ. ی. د. محمد حسین محمد شوانی، کۆمەڵناسی، زانکۆی سەلاحەددین.

پ. ی. د. اسماعیل مصطفی عبدالرحمن، ئابووری، زانکۆی پۆلەتەکنیک- هەولێر.

پ. ی. د. ئاراز حکیم رزا، دەروونزانی- پەروەردەی تایبەت، زانکۆی سەلاحەددین.

د. بارزان کمال حسن، کۆمەڵناسی، زانکۆی سۆران.

د. هۆشەنگ فرهاد عبدالله، دەروونزانی، زانکۆی سۆران.

## سەرچاوەکان (References)

### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان


- عەلائەدین، دلاوەر (2013) نیشتمان سازی و سیستەمی فەرمانڕەوایەتی خۆماڵی لە هەرێمی کوردستان، هەولێر: چاپخانەی هەولێر.

- عومەر، مەعن خەلیل (2012) میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، و : محەمەد شوانی، هەولێر : چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.


### دووەم:سەرچاوە عەرەبییەکان


- أحمد، شلبي (1986) الحياة الاجتماعية في الفكر الإسلامي، ط 5، القاهرة: مكتبة النهضة المصرية.

- البني، شذا صادق و الحوراني، محمد عبدالكريم (2019) عمل المراة الاماراتية وأثره في اسقرار الاسري، مجلة الاداب، جامعة الشارقة، مجلد 1، عدد130.

- التايب،عائشة (2011) النوع وعلم الأجتماع العمل والمؤسسة، ط1، القاهيرة: منظمة المراة العربية.

- الحسن ،إحسان محمد (2005) علم إجتماع العائلة، عمان ، الأردن :ط 7 ، دار وائل للنشر.

- الغزوي، فهمي وآخرون ( 1992) المدخل إلى علم الاجتماع، عمان : دار الشروق.

- بدوي، احمد زكي ( 1982) معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، مكتبة لبنان، بيروت.

- بكاكرة، كاملة (2014) عمل المرأة وعلاقته بالتحصيل الدراسي للأبناء، جزائر: رسالة ماجستر غير المنشورة، مقدمة الى كلية علوم الاجتماعية و الانسانية-قسم علم الأجتماع-جامعة الوادي.

- بومدين، عاجب (2017) الآثار الأسرية والاجتماعية المترتبة عن عمل المرأة خارج البيت، رسالة دكتوراه غير المنشورة، جزائر: مقدمة الى كلية العلوم الاجتماعية- جامعة وهران.2

- جعنيني، نعيم حبيب ( 2009) علم اجتماع التربية المعاصر بين النظرية والتطبيق، بيروت: ط 1 دار وائل للنشر.

- حسانين, محمد سمير (1994) التربية الأسرية، مصر: ط7 ، مكتبة الأشوال.

- حقيقي، فاتحة وآخرون (2001) الدراسات الاجتماعية عن المرأة في العالم العربي، بيروت، لبنان :المؤسسة العربية للدراسات والنشر اليونيسكو.

- سكوت، جون (2009) علم الاجتماع-المفاهيم الاساسية، ت، عثمان، محمد، ط1، بيروت: الشبكة العربية للابحاث والنشر.

- صوان، فرج محمد (2017) البحث العلمي-المفاهيم، الأفكار، الطرائق و العمليات، بيروت-لبنان: ط1، ابن نديم للنشر و التوزيع.

- عبدالفتاح، كاميليا (1972) سوسيولوجيا المراة، ط1، القاهرة: دار الثقافة العربية للطباعة.

- عثمان، محمد عبدالسميع (2003) نماذج النظرية الاجتماعية في تفسير الظواهر الاجتماعية، مصر: ط١، المكتبة المصرية.

- عليان، ربحي مصطفى و غنيم، عثمان محمد (2004) أساليب البحث العلمي الأسس النظرية والتطبيق العملي، عمان: ط1، دار صفاء للنشر والتوزيع.

- عيشور، نادية سعيد و اخرون (2017) منهجية البحث العلمي في العلوم الاجتماعية، الجزائير: مؤسسة حسين راس الجبل للنشر والتوزيع.

- ماجد، ريما (2016) منهجية البحث العلمي، بيروت-لبنان: ط1،مؤسسة فريدريش ايبرت.

- مدفونى، رولة (2019) صراع الادوار وعالقته بالضغط المهني لدى معلمات المرحلتين الابتدائية والمتوسطة (دراسة ميدانية في مدينة أم البواقي )، اطروحة دكتوراه غير المنشورة، مقدمة الى كلية العلوم الاجتماعية و الانسانية – قسم العلوم الاجتماعية- جامعة العربي بن مهيدي، جزائر.

- نادية، فرحات (2012) عمل المراة و اثره على العلاقات الأسرية، جزائر: البحث منشور في الاكاديمية للدراسات الاجتماعية و الانسانية- جامعة حسبة بن بوعلي شلف، العدد 8، ص126-134.

- نعامة، سليم (1984) سيكولوجية المراة العاملة, ط1، بيروت: أضواء عربية لنشر والطباعة.

- يوسف، مليكة الحاج (2003) اثار عمل الأم على تربية اطفالها، رسالة ماجستير غير المنشورة، مقدمة الى كلية علوم الاجتماعية و الانسانية – قسم علم الاجتماع - جامعة جزائر، جزائر.

**سێیەم:سەرچاوە بیانییەکان.**

-Abraham, Francis A (1988) Modern Sociological Theory, University press Delhi, oxford.

-Coolican, H (2014), Research Methods and Statistics in Psychology, Psychology Press, New York, USA.

-Diago, Gómez-Diago (2019) the SAGE International Encyclopedia of Mass Media and Society -

Functionalist Theory, Thousand Oaks, SAGE Publications, Inc.

-Editors of The American Heritage Dictionaries (1994) The American Heritage Dictionary of the English Language, Newyork: Houghton Mifflin, edition.3, volume.1.

-Maltby, john, Liz Day and Macaskill (2007) personaliy, individual differences and intelligence, England: Pearson Prentice Hall, on kapsabet municipality ،academic journals.

-Parsons, Talcott (1951) the social system, New York: The Free Press.

**چوارەم: پەیج و ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان.**

حمداوي، جميل (2013) العينة الإحصائية، منشورة على الموقع الكتروني التالي، بتاريخ 2022/7/25:-
http://www.alukah.net/culture/0/52337/

**Abstract**

**Negative consequences of women working outside the home on child rearing: A sociological field study in the cityof Erbil.**

Women have a great and significant role in the advancement and development of society. They are equal to men in all spheres of life in the field of struggle and work. In addition to the main role of women in raising children within the family; they are also engaged in other work outside the home for the livelihood and development of society.

The aim of this study is to identify the negative consequences of women working outside the home on child rearing. In the current study, qualitative method was used to conduct this research. Interviews were used to collect the data in an organized manner. The research community for the current study is Erbil which include fifteen expert women in the fields of social, psychology and educational.

In the current study, it was found that women working outside the home have several negative effects on child education: - In the social field, women working outside the home, reduced the time and energy of mothers in teaching children social values and behaviors. In the field of psychology, it has been found that women's work causes physical and mental fatigue, which has a negative impact on children's mental health, personality and behavior Education and the learning process of children.

Keywords: work, social education, working women.

**الملخص**

**الآثار السلبية لعمل المرأة خارج المنزل على تنشئة الأطفال: دراسة سوسيولوجية ميدانية في مدينة أربيل.**

للمرأة دور بارز وهام في تطور وتنمية المجتمع، حيث يساهمن جنبا الى جنب مع الرجال في جميع مجالات الحياة، في النضال والعمل. فضلا عن دورهن الأساسي في تربية الأطفال داخل الأسرة.

يهدف البحث الى تحديد الآثار السلبية لعمل المرأة خارج المنزل على تنشئة الطفل. تم استخدام المنهج الكيفي لإجراء هذا البحث، وقد جمع البيانات من خلا اجراء المقابلات المنظمة. مجتمع البحث هو مدينة أربيل وتم اختيار (١٥) خبيرة في مجالات ( علم الاجتماع وعلم النفس والتربية).

توصل البحث الى أن عمل المرأة خارج المنزل له مجموعة من الاثار السلبية على تنشئة الطفل: فقد أدى عمل المرأة خارج المنزل الى خفض وقت الام المخصص لتعليم الطفل القيم الاجتماعية. وفي مجال النفسي، تبين أن عمل المرأة تسبب في ارهاقها جسديًا وعقليًا، مما أثر سلبًا على صحة الطفل العقلية وعلى شخصيتهم. وفي مجال التربية تبين ان عمل المرأة أدى الى تقصير الام في أداء واجباتها التربوية داخل الاسرة.

الكلمات المفتاحية: العمل، التربية الاجتماعية، المرأة العاملة.